وەزیری دەرەوە: پرسی کاندیدکردنی مالیکی بابەتکی ناوخۆییەو جیددی مامەڵە لەگەڵ پەیامەکانی ئەمریکا دەکەین



وەزیری دەرەوەی عێراق دەڵێت پرسی کاندیدکردنی مالیکی بابەتکی ناوخۆییەو جیددی مامەڵە لەگەڵ پەیامەکانی ئەمریکا دەکەین.

فوئاد حوسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق لە پەراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشیی میونشن، بە ئاژانسی ڕێتەرزی ڕاگەیاندووە"بەغدا پێویستی بە هاوکاریی دارایی زیاترە بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی زیندانیانی داعش کە دەگوازرێنەوە عێراق".

وتیشی پرسەی گواستنەوەی ئێندامە دەستگیرکراوەکانی ڕێکخراوی داعش، لە زیندانەکانی سووریاوە بۆ عێراق بەردەوامە و لەگەڵ چەند وڵاتێک لە گفتوگۆدایین بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا هاووڵاتییەکەنیان ڕادەست بکەینەوە.

هەشداریشیدا لەوەی، لەم دواییانەدا جموجووڵی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش لە سووریا لە زیادی کردووەتەوە.

لە بارەی دەخی سیاسیی ناوخۆی عێراق و پەیامەکانی ئەمریکا، فوئاد حوسێن گوتی" هەرچەندە بەغدا بۆ جیددی مامەڵە لەگەڵ پەیامەکانی ئەمریکا دەکات، بەڵام پرسی کاندیدکردنی نووری مالیکی، بۆ پێستی

سەرکۆزیرانی نوێی عێراق بابەتکی ناوخێیە".